کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-6-2007 12:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەکگرتوو فقهی تەکفیرو ترس و تۆقاندن نەگوازێتەوە بۆ فقهی بیرکردنەوە بەئەقڵ.. هەر پەراوێز دەبێت!! ... رۆژ

مەلاعەلی هەڵەبجەیی خوا لێی خۆش بێت لە دیمانەیەکی کە لە "گەردەلولی سیاسەت" بڵاوبۆتەوە لەبارەی یەکگرتوو واقیعانە و راشکاوانە دەڵێت: ئەو سەڵاحە (ئەمینداری گشتی یەکگرتوو) لە کۆبوونەوەیەکدا کە بۆ یەکگرتنی نێوانمان بوو گوتی (نابێت ناوی کوردستان لەو مەنهەجەدا ببێ) ئێمەش گوتمان دەی بڕۆن خواحافیزتان.. رۆیشتن.
بێگومان لەمیانەی ئەو داخوازییەی مورشیدی عام زۆر روون دەرکەوتووە کە ئەو جگە لە پێڕەوی کردن لە رێبازی ((سەید قوتب، حەسەن بەننا)) و پاراستنی ئەو زوبانەش کە قورئانی پێ دابەزیوە شتێکی تر بەلایەوە قابیلی قبوڵ نییە و.. خوا هەڵناگرێ ناهەقیشی نییە، چونکە خۆ لەقورئانیش ناوی گەلێکی ستەمدیدەی کە بە ئێستاش دەگات بەئاوات نەگەیشتووە کە کوردە نەهاتووە، راستە ئەو وەکو "ئیخوان" هیچ هەقێکی نییە وەکو کورد واقیعانەو ویژدانانە بەسیاسەتێکی سەردەمانە هاوشان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد داکۆکی لەمافەکان بکات گەر دژی بەرژەوەندی باڵای "ئیخوان موسلمین" لە ئەندۆنیسیاش بێت، نەخاسمە عێراق.. ئەی ئەوەنییە زۆر بێ منەتی، لەسەرەتای هەنگاوەکانیەوە سەلماندویەتی کەوا نابێت موسوڵمان بە گوزارشتی خۆی"مورشید" سەربازی عێراقی بکوژن گوناهن.. ئەو بۆ رێگری کردن لەشۆڕشی دژ بە بەعسیەکان بەپارەوماڵو سامان و پڕوپاگەندەکردنیان و گەڕانیان بە نێو خەڵکیدا نەك هەر تەنها ویستبێتیان خەڵکی بۆ خۆیان کۆبکەنەوە بەوەی کە گوناهە سەرباز بکوژن، بەڵکو خزمەتی بەعس و رێبەرانی خۆیان لە میسرو شوێنەکانی دیکەدا کردووە و بەم کارانەیان لە ئەوپەڕی دژایەتی شۆڕشی رزگاریخوازی کورد بوونە.
بۆ ئەوەی زۆر لەمەبەستی سەرەکیم دوور نەکەومەوە دەمەوێت بەو چەند برادەرە بڵێم کەوا شوێنکەوتووی قوتب و بەننان و بۆ جارێکی دی و دژایەتیکرنیان بۆ ئەو قەوارەیەی کورد هەیەتی و ئەو پرۆسە سیاسیەی ئێستا لە عێراقدا لەئارادایە لە سەر داوای رێبەرانیان لە (میسر، ئوردن، تورکیا، عەرەبستانی سعودی و.. تد) ، ئامادەی ئەو کۆنگرە دژ بە هەرچی خواست و ماف و ئازادیەکانی گەلانی عێراقن بەکورد و شیعەو سوننەی عیلمانییەوە بوون کە مەبەستی سەرەکییان هەڵوەشاندنەوەی ئەو پرۆژە سیاسیەیە کە 80% ی عێراقیەکان لەسەری رێککەوتوون ئەویش فیدراڵیەتە.. خۆ کۆنگرەی قاهیرە راشکاوانە داکۆکی لە عێراقێکی یەکپارچە دەکات.. یەکپارچەیی بەو مەفهومەی کە دەبێ هەوڵ بدرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی سەرکوتکار.. !!! کە بەدرێژایی سەدەی بیست بۆ سڕینەوەی ئاسەواری کوردو تواندنەوەی درێخی نەکرد.. ئەو حکومەتەی هەرچی ئەو تایبەتمەندێتیانەی کوردی (زمان، کولتور، فەرهەنگ، خاك، .. تد) رەتکردۆتەوە.. چونکە بەگوزارشتی ئەوان موخەڕڕیب بوون!! کەچی بۆ زیندوو کردنەوەی ئەو ئەقڵیەت و سیستمی حوکمڕانێتی یە.. سەیرە و زۆریش سەیر برادەرانی یەکگرتوو هەنگاو دەنێن و پێیان وایە توانایی بەجێهێنانی خەونی زڕاوو نەزۆکی ئاغاکانیان هەیە.. بەڵام پێویستە باش بزانن کورد پێی ناوەتە قۆناخێکەوە و سەرۆکایەتییەکەی هێندە حەکیمانە کیش مەلیك دەکات کۆنگرەی لەو جۆرەو هاوشێوەکانی توانایی لە خشتەبردنی نەبێت و.. بەپەڕاوێز خستنی ئێوەی سیخوڕیکاریش رووەو پێش هەنگاو دەنێ و، بارزانی سەرۆکی کوردستان تەندروست باش بێت دەبێ دوژمن بەرانبەر ئیرادەی بەهێزی گەلی کورد چۆك دابدات. بۆ ئێوە پێتان وایە بەدوو قسەی پڕوپوچ و بێ مانا و کاڵفامیتان لەسیاسەت و بەو پارەیەی لەوڵاتانی عەرەبی یەوە پێتان دەگات دەتوانن ئەو زەمینەیە بڕەخسێنن کە لە میسرو جەزائیرو سوریای هەشتاکان رەخساندبووتان.. !!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەڵەن و زۆریش، بارزانی بەڕاستگۆیی و پشت بەستوو بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەسوکاری قوربانیانی ڕێبازی رزگاریخوازی کورد بووە بەسەرۆکی ئەو کوردستانەی بوێرو جوامێرانەو حەکیمانە دەیپارێزێت. بارزانی بەپشت بەستن بە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی و بێ جیاوازی بیروڕاو ئایین بەرپەرچی دوژمنان و ناحەزانی دەداتەوەو هەر ئەویشە یاری بەپیرۆزی و چارەنووسی گەلەکەی ناکات.

بەڵام یەکگرتوو ئەوە مورشید و تەوەجوهی بێت کەلەسەرەوە ئامازەم پێدا، جیا لە سیاسەتیش وەکو هەمیشە رێگربن لەبەردەم گۆران لە پرۆگرامی خوێندن و تاوەکو فقهی تەکفیرو ترس و تۆقاندن نەگوازنەوە بۆ فقهی بیرکردنەوە بەئەقڵ و.. دەسبەرداری ئەقڵیەتی دۆگماتان نەبن و بیرتان فراوان نەبێت و دان نەنێن بەو هەموو پێشکەوتنە مەعریفی و تەکنۆلۆژیایەی دنیای خستۆتە دەستی هەر تاکێکەوە و لاری لێناکرێت کە هەنگاوی زیاتریش دەنرێت و.. دەسبەرداری سیاسەتی سیخوڕی کردن نەبن بەسەر کورد و بەڵێنی ئەوە نەدەن کە کوردستان خاوەن ئەو تایبەتمەندێتی یەیە کە ناکرێت ببێت بە میسرو جەزائیرو سوریا، ئەی چۆن زاتی ئەوە دەکەن ببن بەشەریك و برابەشی پارتی و یەکێتی و حزبە شۆڕشگێڕەکانی دیکەو سەرکردایەتی سیاسی کورد و سەرۆکەکەی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.